## بیدائییاتی وەحی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**(وَالْعَصْرِ, إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ, إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)، والصلاة والسلام على خيره خلقه محمد وعلى اله وصحبه وسلم.**

إن شاءالله بە تەوفیقی خوای ئەوڕۆ ماددەی وەحی، وەحی صیغەی وەحی و مەفهومی وەحی و بیدائییاتی وەحی کو بووە إن شاالله لەخزمەتتان باس دەکەین، ئەویش حەلەقەکە لە حەلەقاتی مەفهومی سیرە لە قورئانەوە.

لەدەرسی سابیق لە خزمەتتان باسی حەلەقاتی تەنشیئە و ریعایەی ڕەببانی بەنسبەت محمد صلى الله عليه وسلم بە تەفصیل باسمان کرد، تەحەددای بیئی ویڕاثی تەهیئە و ئیعدادی محمد صلى الله عليه وسلم لەناحیەی نەفسی، ناحیەی بەدەنی، ناحیەی عەقلی، ناحیەی فیکری ئیثپاتی وجودی لەناو موجتەمەع بەعەقل، بەئیدڕاك زیرەکی و سەرکەوتویی ئیثپات بکا، بەئیقتیصاد نەجاحی لەتیجاڕەت، بەخولوق بە ئیحتیکاك بە سلوك، ئەوانە هەمووی پاشانیش لەهەمووی موهیمتر بوعدی دینی حیمایە و حیفظی ڕەببانی بەنسبەت محمد، لەبۆوەی هیچ خەطوەکی سلبی نەهاوێ، بەنسبەت ئائەو ئەدیانانەی کەلە دەوروبەری مەوجودن ئەدیانی سەماوی بی یاخود شیرکی بی دوور لە تەوحید، دینی قوڕەیش حیفظ و حیمایەی ڕەببانی لەبۆ ئەو لایەنەش، بەتەفصیل باسی ئەوانەمان کرد.

باسی زەواجیشمان کرد کە کو خودا تەوفیقیدا دیسان هەر ئیعدادی ڕەببانی بوو کو باری تەعالا ئائەو ئافرەتە موتەمەکینە ئیختیار بکرێ لەبۆی ببتە خێزانی ئەو پێغەمبەرەی، پاش زەواجی لە ملیۆنێرە خەدیجە، دیارە حالەی ئیقتیصادی دەگاتە ئەو مستەوایەی کە ئیکتیفا بکا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە تیجاڕەت کردن، لەتەحصیلی مەوریدی یەومی، یەعنی ئیش کردن ئیحتیاجی بەئیش کردن نەمینێ لەبۆ پارەخڕ کردن، خێزانی ملیۆنێرەیە.

زیاد ڕۆژ بەڕۆژ لە بواری ئیجتیماعیات و ئیقتیصادیات سەحب دەبی، زیاتر تەسائول و تەفەکوری لەموجتەمەع و لەبەشەرییەت و ئینسان بەئیطلاق پاشان خەلق عاممەتەن، کەون بەمادده بەمەعنا تەسائولاتی زۆری لەبۆ دروست دەبی، ئەو تەسائولانەش ئیستیفساری نییە، ئیستیفهامی نییە، جەوابی

نییە، ئیشباعی ناکا، تێر نابی، لەجەواب محاوەلە دەکا زیاتر ایستیبتام بکا، خۆی بچێتە ناو عومقی خۆی، تەئکید لەسەر بوعدەك بکا، کە ئەو هەموو بینائەی وەختی خۆی کرایە ئیعداد دەکرا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم من حیث لایدری، کە دەبوە شوان، کە دەبوە ڕەئیس قافیلەی تیجاری لەبۆ شام، کەخەڵکی دەدیت ساحێب بابن ساحێب داکن ئائەو تەسائولانە هەمووی سەبەبی بینائییەت بوو، سەبەبی تەنشیئە و ئیعدادی ڕەببانی بوو بەنسبەت محمد لەبۆ ڕیسالەکی عوظما لەبۆ موهیمەکی گەورە بەنسبەت هەموو بەشەریەت و تاریخ و وجود.

سەبر سەبر لەحەیاتی سلبی ئەو موجتەمەعەی سەحب دەبی بەشعوڕ وە بەلا شعوڕ، بەمادده وە بەمەعنا ئیحتیاجی بەوەی دەبی زیاتر خۆی بەخۆی خەریك ببی، ئائەو تەفەکوڕانە کە سوئالی لەبۆ دروست دەکا لەمێشکی جوابی نییە مەجبور ئینزیوا بکا، ئینسیحاب بکا لە موجتەمەع، ئیحتیکاکی لەگەر ئینسان کەمتر بی، جێیەك لۆ خۆی ئیختیار دەکا ئەویش غاری حیڕاء، سێ میل لە مەککە دوورە لەسەر لەناو چیایەکانە، غارەکەش ئەوها هەرکەتییە شاریفە موسەیتڕە لەسەر مەککە، یەعنی ئەوە لەوێ مەوجود بی بێتە لای دەرکەی غاری حیڕاء مەککە دەبینی، لەپێش چاویتی حەڕەکەو نەشاطی عالەم، ناویشی درێژی سێ مەترە، پانی مەترو قسورە.

زۆر جار وەکو زیارەت خۆی و خێزان و عائیلەی دەبرد لەوێ دادەنیشتن، بەصەمت تەمەشای حالی موجتەمەع و تەمەشای ئاسمان و دەوەڕانی فەلەك و ئا ئەو چیایانەو هەموو مەخلوقات لۆ خەلق کراینە؟ هەتا وە دەبوو مەثەلەن چەند ڕۆژ بەبێ قسەکردن دادەنیشتن ئەوە پاشی زەواجی لەبیست و پێنج ساڵییەوە، ئا ئەو حالەتەی لێ زیاتر دەبوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، مەثەلەن ساعاتی ئیحتیکاکی لەگەر موجتەمەع لەناو بازاڕ سار بەسار کەمتر دەبوو، ئینسیحابی زیاتر دەبوو، وەی لێهات ساڵی کامل مانگەکی ئیختیار دەکرد بەکامیلی دەچووە ئەو ئەشکەفتەی لەوێ دادەنیشت، لەبۆ تەزوید بەخواردن و خواردنەوە یان خزمەت کارەکەی زەید لەبۆی دەبرد، خادیمەیتکەیان هەبوو لەبۆیان دەنارد یاخود خۆی دەهاتە خوارێ تەزوید دەبوو بەزاد دیسان سەحب دەبوو لەبۆ ئەو جێیەی، حەتمەن ئەوئینسیحابە لە موجتەمەع لە حەرەکەی حەیات نەوعە بینائەکە بەنسبەت داخیلی ئینسان.

ئینسان بیذاتیهی طاقاتی زۆری پێیە، ئیمکانیاتی زۆری پێیە، ئەمما ئەو ئیمکانیەتە بەئیحتیکاك و ئینشیغال لەناو حەیات بەهاتوو چوو کردن لەگەر ئەو موجتەمەعەی بەکەسبی مەعاشی تەحصیل و تەوریدی ماددەی یەومی بەکاسبی، بەئیش کردن، زۆر لەو طاقەداخیلیەی خۆی فەقد دەکا، ئەو طاقە مەعنەویەی کە لەناو داخیلی مەوجودە کەڕەفعی دەکا برندی دەکا لەبۆ چاکە و چاککردن، چەند لەو

مەشاغیلەی لەو ئیحتیکاکەی زیاد بی ئەو حالەتە لەناو داخیلی کەم دەبی، دایدەبەزێنی لەبۆ عارد، لۆیێ هەتا ئەگەر مولاحەزەتان کردبی تەقسیمی زەمەنی نوێژ لە زەرفی یەك ڕۆژ نوێژی سبەینێ ئەغلەب جار پێنج سەعات یان زیاتر بەینی هەیە لەگە نوێژی نیوڕانێ، چونکی ئینسان وەکی لەخەوێ هەردەستی طاقەکی زۆری پێیە بتانی مواجەهەی مەشاغیلی یەومی خۆی بکا، ئەمما بەینی نوێژی نیوڕانێ لەگە نوێژی عەسرێ نیوەی بەینی نوێژی سبەینێ هەتا نوێژی نیوڕانییە، زەمەن حیساب دەکەین ئەمە بەس، نوێژی مەغریب لەگە نوێژی عەسر نیوەی بەینی نیوڕان و عەصرە، نوێژی بەینی مەغریب و عیشا نیوەی بەینی عەصر و مەغریبە، لۆ؟ تەئکیدە لەوەی چەند ئینسان ڕۆژەکەی بەسەدا چوبی ئائەو طاقە کامینەیەی ڕەببانی لەناو قەلبیدا مەوجودە، فیطرِیی لەناو قەلبی دا مەوجودە کەمتر دەبی، لۆیێ زیاتر موحتاجە بچتە بن مەشحەنەی، بن مضەخەی تەزوید بکرێ بەئیمان بەلیقاء.

ئائەو لیقائە ضروری بووە بەنسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لۆوەی تەزوید بکرێ، ئەمما مەشحەنەکە بەمانگ بوە، زەمەنەکەی مانگەك بوە لۆوەی کەممەکی هائیل وەربگری، ئەمە کە دەچینە ناو نوێژ نوێژی نیوڕانێ دیارە ئا ئەو چەند دەقیقەیە کافیە لەبۆ تەزویدمان، ئەمما ئەمە ئینسانین، ئینسانەکی عادی ئی ئەو بازارەی، محمد صلی الله علیه وسلم ئینسانەکە دەبی ئەو مەشحەنەیەی ناو قەلبی ناو داخیلی بەقووەت هەموو بەشەریەت بی، لەسەر وجود چەند بەشەر مەوجودە، چەند ئینسان مەوجودە دەبی محمد بەقەد هەموویان ماددەی شەحنی پێبی، چونکی لۆ هەموو دەبی لەوی وەربگرن، هەموو جیهازی ئیتتیصاڵیان وەکی مەصدەری کارەبا پلاکیان سویجیان لەوی ڕەبط کەن ئەو تەزویدیان بکا، ئیذەن دەبی محمد صلی الله علیه وسلم زەمەنی چونە بن مەشحەنەی جیهازی شەحن لە هەموویان، زیاتر بی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دەبی لە هەموومان زیاتری پێ بی، بەقەد هەمووماني پێبی، ئەها دەرێ: الکل یساوی جمع البعض، هەموو کۆی پارچەکانە، محمد ئیمانی کوللە، هەموو ئیمان لەوی وەردەگیرێ، ئەو سەبەبی ئیمانە، ئەو سەبەبی ئیتیصالی مەیە لەگە (الله) ی.

ئیذەن دەبی ئەمە کە دیێن ئیتتیصاڵ بە محمد دەکەین دەبی موحەمەد فیعلەن ئا ئەوەندەی پێ بی بداتە هەمووماں، ئیذەن محمد خۆی پێویستی بەوەیە زەمەنەکی زۆر خۆی بچتەبن جیهاز تەزوید بکرێ، لۆیێ هەرچی محمد بەهەرچی لەحظەك لە ژیانی پێیدا چووبی قاطیبەتەن دەرس بوە لەبۆ ئیعدادی، جوهدی لەسەر صەرف کرایە لۆوەی ببتە محمد رسول الله، هەرچی لەحظەك بەحەیاتی دا چووبی، کەون، ڕیسالەی کەون بەوییەوە تەتویج دەکرێ وە بەوییەوە نیهایەتی دێ، ئەگەر ئەو نەبی کەون مەعنای نییە، وجود مەعنای نییە، بەشەریەت مەعنای نامینێ، ئیذەن دەبی ئەو فیعلەن طاقەی وی، ئیمکانیەتی وی، ئیعدادی وی لەمستەوای ئەو هەموو کەونەی دابی.

لۆیێ خۆی بەعزە لەقەتاتی پێشترێ بەحسمان کرد، مەثەلەن حەزی بوە، گەنجە موراهیقە، بچی لەگەر گەنجان موشارەکەی حەفلەی زەواج بکا، باری تەعالا مەنعی کردیە، سەبەب چییە؟ حەتمەن بەعزە خەلایەی مێشکی کەتەمەشا دەکا ژن و پیاو تێکەڵن چاو صووەر نەقل دەکا لەبۆ مێشکی، مێشك ئەو صورە ئەو ڕەنگانە ئەو ڕەسمانە طەبع دەکا لەناو دائیرەو موختەبەری ناو مێشك، طەبع و تەحمیظ دەبی ئەو صووەرانە دەمینێ هەرچی صورەی سلبیە خەراپە تەئسیر لەئیمانی ئینسان بکا دەبتە مانیعی خەیر شوعورەن ذیهنەن.

لۆیێ ئەو ئینسانەی کە گوناهی زۆری کردبی بەچاو طاقەی حیفظ و ئیمکانییەتی تەلەقی کەم دەبی، طاقەی ئیستیذکار ئیعادەی مەعانی ئیعادەی کەلیماتی حفظ کەم دەبی، باری تەعالا دەبی چاوی ئەو محمد حفظکا لۆوەی چاوی هیچ لەقەطات سەحب نەکا، هیچ لەقەطات نەقل نەبی لەبۆ شعوری، لاشعوری طەبع نەکا، لۆوەی کەدێ طاقەی چاوی محمد ی کامیلەتەن لۆ خوای بی، کەدێ بەچاوییەوە طاقە نەقل دەکا لەبۆ موئمینینی دەوروبەری خۆی دەبی طاقەی کول بدا تەقدیم بکا، چ نەوعە طاقەك؟ ئەو طاقە کوللی کەوەری گرتیە لە (الله) ی، مەثەلەن ئەمە کەدەچینەوە ماڵێ هەمووومان گەنجین ئیحتیمالە ئەغلەبیشمان گوناهمان کردبی، نەزەر، نازانم ئەوەی مولاحەزەی کردبی مەثەلەن بەعەشەرات سوپەر دەبینین لەسەر جادەی، بەعەشەرات سەیارە بەعەشەرات ئینسان شتی عەنتیکە عەنتیکە، ئەمە دەچینە ماڵێ لەماڵی لەخەیاڵمان نامینێ، ئەمما وەختی عیشایێ یان شەونوێژێ دەرێ اللهأکبر سافیرەکە دێتە پێش چاوت کە نەزەرت کردیە، لۆ؟ طەبع بوە لەخەلایەی مێشك، نابی لەناو مێشکی محمد ئەوشتە مەوجود بی، لۆیێ ڕیعایەی ڕەببانی دائیمەن لەگەری بوە، ئەوە لەحالەتی طەبیعی موراهیق بوە باری تەعالا حیمایەو حیفاظەی کردیە.

بوعدی دینی هەیە لێرە گەورەترین قەضیەیە، فیطرەی ئینسان، طەبیعەتی ئینسان دەچی لەبۆ هەر قووەکی عوضما، هەر قووەتەك فەوقی خۆی، ئەوە طەبیعەتی فیطرەی بەشەرە لەناو داخیلی بەنسبەت مەفهومی عیبادەت، لۆیێ ئەگەر خوای نەبی چێر دەپەرستی، خوای نەبی ڕۆژ دەپەرستی، (من لم یکون عبدا لله کان عبدا لغیره)، ئیتتیباعی ئینسان دەکا لەخۆی باشتر دەزانی، لەخۆی زیرەکتر دەزانی لۆیی ئیتتیباعی ئەو ئینسانەی دەکا، باری تەعالا ناهێلی ئەو مەجموعە خەلایە کەمەربوطە بەفیطرە ئیحتیاجی ئەوەی هەیە پڕ بکرێ بەمەفهومی تەعبودی ناهێلی بەهیچ نەوعەك محمد مێشکی پڕ بکرێ بەو شتانە.

لۆیێ لەدەرسی پێشتر بەحسمان کرد، کەنیەتی بوو بچتە جێی صەنەمەکەی پیاوەکی جلك سپی لەبەر لەپێش صەنەمەکەی یەکسەر تەهدیدی کرد بگەڕێوە (إرجع یامحمد مکانك)، ئەوە هەمووی ئیعدادە،

مێشکی محمد بەنەقاء و صەفاء بمینێ، لۆوەی ئەگەر هاتوو ئەمری تەلەقی پێکرا دەبی تەلەقی بکا ئەوەلایەنەك، لایەنی دی باری تەعالا دێ ئیتتیصاڵ دەکا بەو بەشەرەی، محمد ئینسانەکە وەکی مە خۆی دەفەرمی: (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً) (المزّمِّل 5)، ثوقول نەك بەس ثوقلی ماددییە، چونکی زەید لەچەند جێ صەحابەی دی لەچەند جێ بەحس دەکەن دەرێن ئەثنای نوزولی وەحی وەبوە لاقی چۆکی موبارەکی پێغەمبەری لەسە ڕانمان بوە، صەحابی بەحس دەکا دەرێ: لەئەثنای نوزولی وەحی ترسایمە نەوەك ڕانم بشکێ، ئەوەندە گران بوە پێغەمبەرصلی اللهعلیەوسلم وەزنی.

ئیذەن (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً)، قەولی ثەقیل، حەتتا جازبیەی عاردیش بوە، چونکی ئینسان وەزنی بەنسبەت جازبی عارد سەحب دەکرێ، دیارە ئەو ثوقلەی کە دەهاویشتە سەری ئەوجە موجەسسەماتی کەلیماتی قوڕئانییە چونکی ئەو کەلیماتە ئەو قوڕئانەی ئێستا لەکنە مە هەیە هەموو موجەسسەماتە لەئاسمان لە لەوحی مەحفوظ، هەریەکە مەعانی و تەعابیری موجەسسەمی خۆی هەیە، موشەکەلی خۆی هەیە نەك حوڕوفە ئایا ئەوها بوە؟ ئایا ثوقلی مەلەکەکەی بوە؟ کەدێتە سەری یان ثوقلی حالەتی وەحییە؟ نازانین، ئیذەن دەبی محمد بەدەنیەن ئیعداد بکرێ، ئیعداد بکرێ لەبۆ ئەو موهیممەیەی بەدەنییەن.

لەفتەکی بەسیطماندا دەرسی پێشترێ باری تەعالا خۆی دەفەرمی: (لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُّتَصَدِّعاً مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ) (الحشر 21)، (لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُّتَصَدِّعاً مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ)، باشە خۆی دەفەرمی ئەو چیایە، تەصەوڕ بکەن چیای سەفین باری تەعالا قوڕئانی لەسەر نازیل کا چیای سەفین چی بەسەر دادێ؟ ئەوە بەنسبەت چیای سەفین چەند ضەخم و عیملاق و بەرزە، چەند عومقی هەیە، چەند صەتحی گرتیە، باشە ئەو قوڕئانە ئەگەر هاتوو نازیل بکرێ بەو قووەتەی بەو ثوقلەی لەسەر قەلبەك هی ئینسانەکە دەبی چی لێبی؟ لۆیێ محمد صلی الله علیە وسلم دەبی ئیعداد بکرێ لەبۆ ئەو موهیممە صەعبە، ئیمکانییەتی تەلەقی و قوبولی لەبۆ ئەو کەلیمە ثەقیلە لە چیایەکەی بەقوەتتربی، لەچیایەکەی مەتینتر بی، عەمیقتربی لۆوەی خۆی بگری، ئەوە بونیەی محمدی صلی الله علیە وسلم، خەلایەی محمدی هەمووی مەطموغە بە صنع الله، هیچ خەلیەکی محمد صلی الله علیە وسلم پێشی نبووەت وەپاشی نبووەت لەمس نەکرایە بەخەراپە، چونکی لۆ؟ دەبتە مانیع لەبۆ وەحی.

ئەمە نەزەرەکی دەکەین حەفتەك تەئسیرمان لێ دەکا، غەیبەتەکی دەکەین دوو حەفتە ثەمەنی دەدەین، فەکەیفە ئەو عاکسی (الله) یە، لە (الله) وە وەردەگری کەلیمات بەواقیعی و بەحال تەرجومەی دەکا لەبۆ ئەخلاق، ئەوە مەقامی محمدیە بەنسبەت قوڕئان، لە جوبریلەوە وەردەگری کەلیمات تەعابیر بەخولوقی

خۆی، بە سلوکی خۆی تەحویلی دەکا، صەحابە تەمەشای خولوقی دەکەن لێی وەردەگرن، تەمەشای ئیحتیکاك و سولوکی دەکەن لێی تەقەموص دەکەن، ئیذەن دەبی محمد لە پێشی وەحی ئیعدادەکی عەقلی، شعوری، بەدەنی، نەفسیی کامیل کرابی، لەسوڕەت دەفەرمی: (أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيماً فَآوَى) (الضحى 6) تەعبیرەکی زۆر لەطیفە، زۆر دەقیقە (أَلَمْ يَجِدْكَ) ناریَ (ألم يجعلك) کێ کردیە یەتیم؟ کێ محمدی کردە یەتیم؟ کێ بابی محمد ی لە محمدی سەحب کرد؟ کێ داکی محمدی لە محمدی سەحب کرد؟ کێ باپیری محمد ی لە محمد ی سەحب کرد؟ هەمووی خەریتەی عوظمایە، خەریتەك لە فەوق هەیە دەبی محمد یەتیم بی سێ جار، سێ جار ساحێبی فەقد کا.

پێشترێ بەحسمان کرد چار دەرس پێشی ئێستا ئەثەری بیئە لەسەر ئینسان، بیئە زۆر تەئثیری ئیجابی یان سلبی لەسەر ئینسان هەیە، ئەوەی موطەلیع بی لەسەر علومی نەفسی موراهیقە و طفل دەلێ ئینسان کە یەتیم بوو دوو حالەتی لەبۆ هەیە بەبەساطەت: یان ئینسانەك زۆر زیرەك و عاقل دەردەچی ئەمما زۆر مونطەوی زۆر مونکەمیش لەسەر خۆی، یەعنی دائیمەن لە پەنایە، قەت نایێتە پێش ضەوء قەت خۆی پشان نادا، دائیمە ئیحساس دەکا نەقصی هەیە، حس بەعوقدەی نەقص دەکا، ئینسان کەیەتیم بوو بەداك و باب ئەوە حالەت و طەبیعەتیتی هەتا دەمری، شەخصیەتەکی موعەققەد، مونکەمیش، مونطەوی، نەدیترای دائیمە بەتەنێ حەز دەکا بەتەنێ بی، کەس ئیحتیکاکی نەکا، حەز ناکا لەگە موجتەمەع بی، ئەوە صیفەتیتی ئەگەر عاقل بوو، مونحەریف نەبوو لەئەخلاق و سلوك.

یاخود والعیاذ بالله زۆر ئینسانەکی مونحەریف دەردەچی، ئینسانەکی زۆر خراپ دەردەچی، باشە بالمقابل تەمەشای محمد بکەن ئەبەو نەوعەیە؟ لەجەواب دەرێین والعیاذ باالله، نەخێر بەخۆی یەتیمی کرد، لۆ؟ دوو مانگ مابوو لەبۆ ویلادەی بابی نەدیت، هاتە سەر دونیا باب نییە، طەبعەن ئیجتیماعیاتی وجودی باب لەحەیات موحتەمەلە دیراساتتان خیندبی یان گێتان لێبوبی ئەثەری فەعالییەت و ئیجابیەتی چەند لەسەر منداڵ هەیە، کەبوە شەش ساڵ موحتاجترین فەترەیە لەبۆ وەرگرتنی تەربیە، منداڵ لەشەش ساڵییەوە بینا دەکرێ تەربەوی، لەشەش ساڵیدا بەینی کەلیمەی شەڕو خەیر جیا دەکا، چاك و چاکتر جیا دەکا ئەوە خراپە ئەوە باشە، لەشەش ساڵی فەرقی پێدەکا، لۆیێش عولەماء دایاننایە منداڵ لەشەش ساڵی بچتە مەکتەبێ، ئیستیعدادی وەرگرتنی حروفی هەیە، ئیستیعدادی وەرگرتنی مەبادیئی ئەوەلی علومی هەیە.

لەو وەختەی کەموحتاجە بەتەربیە بەریعایەت ئەو وەختی داکی لێ سەحب دەکا، لەو وەختەی موحتاجە بەباوەش گرتن لەو وەختەی باپیری لێ سەحب دەکا، دەینێرتە کن مامی کە فەقیر و دەست کورتە،

بەعزە جار دەهاتە مستەوای طەبەقەی وسطا، لۆیێ میثال مندار ئەوە هەموومان لەماریێ بابمان کوڕمان مەخصەدم برامان کوڕمان هەبوە مندار، ئەگەر ئەوە ژنی هینابی منداری بوە، فەرخەی هەبوە دیقەتی بکاتێ ئەو منداره سارەکە عومری، زیاترە قیچەك، چەند موشتاقە لەبۆ داکی، چەند موحتاجە لەبۆ داکی غائییەت و سەبەبی ئەو مندارەی بەواسطەی داکیتی، زۆر جار مەثەلەن تیرە ئیحتیاجی بەخاوێن کردن نییە ئەمما لەباوەشی داکی نەبی دەگریێ، چونکی دەققاتی قەلبی داکی نۆ مانگ گێی لێبوە، لۆیێش مندار هەر دوو سێ ڕۆژیە بدە دەست ئافرەتەکی ڕاناوەستی لەگریان، لەباوەشی داکی بی ڕادەوەستی، چونکی ئەو ترپە ترپەی دری دەققاتی دری ئی داکی فەرق دەکا لەگە داکیدی ئافرەتیتکە، لەگە پیاویش فەڕق پێ دەکا، لۆیێ باری تەعالا دەفەرمی: (وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ) (السجدة 9) ئەوەل جار سەمعە، ئەو منداره چەند موحتاجی ئەو ئافرەتەیە، مەثەلەن برسی دەبی نازانی برسیەتی دەگریێ داك دەزانی ئەوە برسیە، حاجەی ئەو مندارەی داکەکەی دەزانی، تێنیاتی ئەو مندارەی داکەکە دەزانی.

ولله مثل ألاعلى، باری تەعالا لەو لەحظە حەسساسەی دێ داکی محمد ی لەو محمد ی سەحب دەکا، بابی محمد لە محمد سەحب دەکا، باپیری محمد لە محمد سەحب دەکا، لۆوەی هیچ شعورەکی ئینسانی، بونیەوی، تەکوینی، تەنشیئی لەشعوری محمد دروست نەبی بەنسبەت ئینسان، ئیللا بەنسبەت (الله) ی، کە محمد سەبر سەبر گەورە بوو، نموی کرد برێ ئەگەر داکم نەبوایە ئەمن دروست دەبوم؟ نەخێر، داکم نەبوو دروستیش بووم، بابم نەبو مەوجودیش بووم، باپیرم نەبوو تەربیەش کرام، ئیذەن کێ هەستا بەو هەموو مەسئولیەتە مەعنەویە؟ الله، ئیذەن مەفهومی ڕبوبیەتی گچکە ناداتە بەشەر، ئەو هەموو طاقە ڕبوبیەتەی کە سبەی دوسبەی دەبی لەقەلبی دروست بکرێ هەمووی مەسحوبە لەبۆ کێ؟ لەبۆ الله، ئیذەن فەڕاغی یان چەکمەجەی ئیمانی بوعدی ڕبوبیەتی محمد ی لەقەلبی خاوێنە نەقییە کەسی تێدا مەوجود نییە، لۆ؟ سبەی دوسبەی کەمەفهومی ڕیسالەت دێ لەسەر ئەو ئەرضیەی بینا دەکرێ، لەسەر ئەوەی دروست دەکرێ، ئیذەن دەبی قەلبی محمد ی لەمەفهومی ڕبوبیەت بەنسبەت بەشەر خالی بی، هەر چەندی هەیە حصەکە هەموی بداتە الله، لۆوەی بتانی فیعلەن بەتەواوی عەکس کا.

لۆیە دەفەرمی: (أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيماً فَآوَى) نالێ فراعی، پاشان دەفەرمی: (وَوَجَدَكَ ضَالّاً فَهَدَى)، زۆربەی موفەسیرین خودا لە گوناهیان خۆشبی کەلیمەی ظال بەئینحراف دادەنێن مع ألاسف، لە لوغەی عەڕەبی ئەگەر هاتوو ئەمن ئەوەشم بزر کرد، ئەوەم بزر کرد هاتمە بازاڕێ هاتمە شاری ئەوەم لێ بزر بوو کەچومەوە دەرێم أضللت قلمي، ضل عني قلمي، قەلەمم بزر بوە، نەك گومڕا بوە، إضلال یەعنی گومڕا بون لەتەفاسیر ئەوهایان لێکدایتەوە، مەثەلەن باری تەعالا هادیە، هادی چییە؟ هادی ئەو برۆیەشە، ئەگەر بهاتبا ئەو برۆیە ڕێی باری تەعالا هیدایەتی نەدابا ئەوها بڕوا ئەوها بێ موشکیلەك دروست دەبو

لەبۆ من، ئەو پرچە خودا هیدایەتی دەدا ئەبەو نەوعەی دەرچی، ئەو ئینسانە خوا هیدایەتی دەدا ئەوها بڕوا ئەوە هەموی کوڵن هیدایەتە، باری تەعالا هیدایەتی موطلەقی محمدی دایە، ئەمما ئایا سەتا سەت وەکو ویستی خوای بوە بە ئیرادەی خۆی؟ لەجەواب دەرێین نەخێر، چونکی نەیدەزانی، کە قەلەمم بزر دەبی نازانم ئەمن قەلەمم ئەوە لێم دەکەوی، گیرفانم کونە لێم دەکەوی نەء ئاگام لێی نییە، ئەگەر بمزانیبایە هەرم دەگرت، ئەو نەزانینەی من ظەڵال نییە بەشەریەتم ئەوهایە، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم بەونەوعەی بوە، (وَوَجَدَكَ ضَالّاً فَهَدَى)، ئەگەر بهاتبا رب العالمین جبریلی دانەنابا لەپێش ئەو صەنەمەی موحتەمەلە ئەتو بچوبایە لای صەنەمی، رب العالمین ئەگەر حیفاظەتی نەکردبای لەئەثنای موڕاهیقی لۆوەی گوناهـ نەکەی موحتەمەلە گوناهت دەکرد، خۆی نازانی ئەوە گوناهە، جەهلی هەیە لەبۆ ئەو مەوظوعانە، نەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم والعیاذ باالله مونحەریف بوبی، لە ظەلال دابوبی باری تەعالا هیدایەتی دایە لەبۆ شتێتکە نەخێر، ئەو مەفهومە ئەوها نییە لێرە.

ئەوجە پاشان دەفەرمی: (وَوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَى)، فەقیر بوو دەست کورت بوو، بەواستەی زەواج، باری تەعالا ئیغنای کرد، مەعانیتکەشی لێ هەیە، ئەوە هەمووی ئیعدادی ڕەببانیە، فەترە بەفەترە مەرحەلە بەمەرحەلە لەبۆ محمد هەتا دەگاتە سەقفی ئەعلای عیلاقەی لەگەر (الله) ی دروست ببی، (الله) موڕاقەبەی دەکا، ئەو عەبدە گەیشتە ئەو مستەوایەی ئەوڕاق ئیعتیمادی ڕەفع بکرێ، بەسەفیر قەبول بکرێ عندالله، خۆی حەکایەتی خۆی دەگێرتەوە علیه صلاة والسلام لە بوخاری و لە موسلیم دوو ڕیوایەتە دەفەرمی: شەوەك لەشەوانی مانگی ڕەمەزان لەغاری حیراء بوم خەونەکم دیت پیاوەکی سپی کتابەکی پێیە کتابەکەش لەناو قوماشەکی دایە قوماشەکەش مەخمەلە، نەوعە قوماشەکە ئەوەی کوتار فرۆشی کردبی دەزانی نەرمەو ئەستورەو جوانیشە، کتابەکی لەوی دەرهینا گۆتی: بخینە، گۆتی: نازانم بخینم خیندەوار نیمە، دەرێ باوەشی پێکردم گرتمی (فَـغَـطَّـنِـي) بەطائە (حَتَّى بَلَغَ مِنِّى الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِى فَقَالَ اقْرَأْ. قُلْتُ مَا أَنَا بِقَارِئٍ. فَأَخَذَنِى فَغَطَّنِى الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّى الْجَهْدَ) دیسان گرتمی باوەشی پێکردم توند ترسام پەراسوەکانم لەپشتم دەرچی، دیسان بەجێی هێشتم، جاری سێیەم دیسان بخینە گۆتم خیندەوارنیمە فَقَالَ اقْرَأْ. فَقُلْتُ مَا أَنَا بِقَارِئٍ. فَأَخَذَنِى فَغَطَّنِى الثَّالِثَةَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِى فَقَالَ (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِى خَلَقَ * خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) ٠

دەرێ بەخەبەر هاتم پاش فەترەکیتکە نەفسی ئینسان بەحەقیقی ئەوجارە، کابرایەك فوجئەتەن، شەوە، لەپێش چاوی پەیا دەبی، ئیستیعدادی نەفسی وەرنەگرتیە لەبۆ مەوضوع نازانی چییە مەسەلە، (اقْرَأْ یامحمد) کتابی پێیە، چی گۆت لەخەونەکەی ئەوهای پێ دەرێ: (مَا أَنَا بِقَارِئٍ)، فیعلەن پێغەمبەر ئوممییە قیرائەو کیتابەی نییە، نازانی بخینی، دەیگری، باوەشی پێدەکا ئائەو گرتنەئەوکوشینە وەئەو گرتنە و ئەو

گوشینە گوشینی ئینسان نییە لەبۆ ئینسان طاقەکی هائیل قووەتەکی ضەخم پەراسوەکانی وێکدینی، دەرێ بەجێی هێشتم دیسان پێی گۆتم بخینە (مَا أَنَا بِقَارِئٍ)، (فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي) بەطائە لەبوخاری، توند وەکی جاری یەکەم وەکی خەونەکەی نازانم بخینم بەجێی هێشتم، دیسان جاری سێیەم بخینە دیسان گرتمی لەخەون نا لەئاشکرا، ترسام نەوەك بمرم دەفەرمی: (ماذا أقرأ) نەفسی ئوسلوب پێی دەرێ: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)، دێین تەحلیلی ئائەو گرتنە و ئەو ضەخط پێك دادانەی بەدەنی بەنسبەت پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم ئەهداف و مەقاصیدی.

لەبیرتان بی لەسالی دووی عومری عەمەلیەکی جیراحی لەبۆ پێغەمبەری کرا، دوو طەبیبی خاص من نوع المعین هاتنە خوارێ پێغەمبەریان درێژ کرد سەریع عەمەلیاتەکیان لەگەر کرد لەسینگی دوریانەوە هەستاوە پێوە، حلیمة السعدیة هات تەمەشای کرد فیعلەن ئەوە ڕەنگی تێك چوە، ئەثەری حالەتەکی غێر طەبیعی پێوەیە، لەباوەشێی کرد و لۆ داکی برد گۆتی نەوەك جننی دەستی لێبدا، دەستی لێبوەشێنی، کە داکی گێی لێبوو لەبەر جننییان ئەوەی گێرایتەوە هینایتیەوە گۆتی: بیبەوە کنە خۆتان ترست لێی نەبی ئەوە شەیطان ناتانی نزیکی ببی موطمەئین بوو لە محمد، عەمەلیەکی جیراحی دوەم پێشی وەحی نەفسی وەقت درێژ دەکرێ قەلبی دەردیندرێ ئیعدادات لەناو قەلبی دادەنرێ جیهاز لەناو قەلبی دادەنرێ دیسان قەپات دەکرێ، چونکی مەفهومی کەلیمەی وەحی بەو بەساطەتەی نییە کەئەمە تێی دەگەین.

ئەو قورئانەی کەئێستا لەکنەمە مەوجودە قورئانەکی مەطبوعە لەوەرەقە، ئەمە ئەوها تەعامولی تەعامولی لەگە دەکەین لۆ؟ چونکی ئەمە خۆمان ئیمانمان ضەعیفە، عیلمەن ئەو کەلیماتانە وەحیە (من حي القيوم)، قەلبەك ئەوها نەبی بەو نەوعە حەیاتەی تێدا نەبی ناتانی لەگەر ئائەو وەحیەی تەعامول بکا ئیجابی و لەمستەوای وەحی صەحیح، دەبی محمد صلی الله علیە وسلم لەو مستەوایەی دابی لەو مستەوایەی دروست بکرێ قەلبی، ئەوجە ئەو وەحیەی ئیستیقبال و ئیمتیصاص بکا، پاشی عەمەلیاتی جیراحی ئەوجە دێ جوبریل ئائەو تەجروبەشی لەسە دەکا، جوبریل بێ بەدەستی ئەو باوەش پێ کردنە حەتمەن شتەك بوە لەبەدەنی جوبریلی نوڕانی نەقل بوبی لەبۆ بەدەنی محمدی صلی الله علیە وسلم ماددی، ئیعدادەك و ئیستیعدادەك لەناو قەلبی لەناو بەدەنی ئەو محمدی کوشن دروست بکا، لەمەو پاش محمد بەدەنیەن وەقەلبیەن وەعەقلیەن ئیستیعدادەکی ئەوهای تێدا دروست بکرێ بتانی کەدێ ئیتیصالی پێدەکرێ یەکسەر وەربگری، هیچ دوور نییە خەلایەی موحەمەد تەحویل و تەغیری پێ بکرێ ماعەدای قەلبی بەدەنی کوللی تەحویل و تەغیری پێ بکرێ، لۆوەی بتانی هەرچی ثوقلی کەلیمە هەیە (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً) (المزّمّل 5) بتانی ئیمتیصاصی بکا.

لۆیێ صەحابە کە دادەنیشت لە تەنیشتی طاقەی ئیمتیصاصی نییە، ئیحساس دەکا صەحابە بەثوقلی بەگرانی وەحی، یاخود دیتیتیان لەسەر حەیوان وەحی هاتتە خوارێ یەکسەر حەیوانەکە کەتیە، ئیذەن محمد بەدەنی کامیلی نەك بەس قەلبی ئیعداد کرایە، جوبریل کە دەیگری هەرچی پێیە لەطاقاتی کامینەی ڕیسالی دەبی بدرێتە محمد، لۆیی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم کەوەحی لەبۆ دەهات تەغیر دەبو ڕەنگی دەگۆڕا، زۆر جار صەحابەی خەواص لەوێ ببانایە یەکسەر شتەکیان پێدا دەدا، بەتانیەك یان عەبای خۆی بەسەریان دادەدا، حەتتا عائیشە وەصفی دەکا دەرێ: شەوی زستانی زۆر سارد کە وەحی لەبۆ دەهات ئارەقەی دەکرد، صەحابی لە تەنیشتی بوە زۆر نزیکی بوینە گێیان لەویزە ویزی وەحی بوە، ئەوان گێیان لێبوە عیلمەن پێغەمبەر صامیتە، دانیشتیە کەوەحی لەبۆ دەهات پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم حەڕەکاتی نەدەما ڕادەوەستا کوشن، بەدەنیەن ڕادەوەستا، ئیذەن ئەو حالەتە تەغیریە لەداخیلی خۆی لەخاریجی خۆی لەفەوق لەبۆی دەکرێ دەبی لەهەرسێ بوعدەوە موحەمەد ئیستیعدادی هەبی لەبۆ تەلەقی لەبۆ قەبول لەبۆ ئیمتیصاص.

ئەو هەمو تەجاروبانە لەسەر محمد دەکرێ، (فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي) لۆوەی فیعلەن بتانی لەمستەوای جبریل بی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم، دوجار جوبریلی لەشکلی خۆی دیتیە لەهەموو عومری، دووجار پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم جبریلی لەشکلی خۆی دیتیە لەشکلی مەلائیکەت، چیتکە نەیدیتیە، لۆ؟ دیارە تەحویل بونی جبریل لەبۆ مستەوای پێغەمبەری صلی اللە علیە وسلم نەوعە ئەزیەتەك هەبوە، نەوعە حالەك غێر مورەتتەب بوە دەبا پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم بچتە مستەوای جوبریل نەك جبریل بێتە مستەوای وی، لۆیێ هەرچی درایتە پێغەمبەری صلی اللە علیە وسلم لەو ئەسنایەی لەبۆ ئیعداداتی وەحی پێغەمبەرصلی اللە علیە وسلم دەچتە مستەوای جوبریل، لەجوبریل وەردەگری چونکی ئەغلەبی وەحی بیست و سێ ساڵ لەشکلی جەڕەس هاتیە، هاتیە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم هەموو شعورو لاشعوری ڕاوەستایە تەلەقی کردیە وەری گرتیە ئەوجە پاشان کە قەطع بوە لێی وەکو جیهازەکی شریت کۆمپیوتەر لەمێشکی طەبع کرایە، خۆشی زانیتی چی پێگۆترایە ئەوجە پاشان تیکرارو ئیعادەی کرتتەوە، نەك بەس طەبع بوبی لە مێشکی لە شعوری لە لاشعوریشی طەبع بوە، لەقەلبیشی طەبع بوە، لۆیی بویتە خولوق تێیدا.

یەکسەر مەثەلەن کە ئەمری نوێژی لەبۆ دێ نوێژ بکە بەوەحی لە مێشکی طەبع بوە، ئۆتۆماتیکیەن پاشی وی هەردەستی نوێژ دەکا بویتە خولوق تێیدا، نەك بیەوێ مومارەسە بکا، ضەغط لەسەر خۆی بکا، خۆی فێر بکا کو نوێژ بکا، نەخێر، ئۆتۆماتیکیەن ئیستیعدای وەرگرتیە و دەستی بە نوێژ کردیە، ئۆتۆماتیکیەن ئیستیعدای وەرگرتیە و حالەتەکەی ئەدا کردییە، ئیذەن بەهەر سێ ئسلوب پاشانیش

صیغەی وەرگرتنی بەرز بوونی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبۆ مستەوای جبریل، وەرگرتنی وەحی و قەطع بونی، پاشان تەحویلی لەبۆ واقیع.

صیغەی وەحی کو مەرحەلیەت لەبۆ بیناء و تەکوینی بەدەنی پێغەمبەر بوو ئەوهاش لەبۆ وەحی ئیعداد کرایە، یەکەمین جار وەحی بەخەون، خەونی دیتیە خەونەکە یەکسەر هاتتەجێ، ئەوە نەوعەکە لە صیەغی وەحی، باری تەعالا بەعزە جار لەگەر روسول ئەگەر ئیتتیصالًی کردبوبی عەن طەڕیقی خەون، چونکی کە ئینسان دەنوی ڕۆحی (اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا) (الزمر٤٢)، مەثەلەن حەزرەتی إبراهیم (يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى) (الصافات ١٠٢)، (إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ) حەزرەتی إبراهیم وەحی عن طەریقی خەون بو، چ خەونەکی بدیتبا وەحی بوو دەبا تەطبیقی کا، لۆیە لە خەونی دیتی حەزرەتی إسماعیل سەردەبڕی ئیذەن دەبی واقیعەن تەحویلی کا، فیعلەن سەری حەزرەتی إسماعیل ببڕی بەواقیع بەحەیات بەحەقیقی، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم هەرچی صیەغی ڕەسائیلی یان وەحی ئەنبیائیتکە هەبوە دەبی لەکن محمد مەوجود بی چونکی (خاتم الرسول) ە، هەموو صیەغ دەبی لەکن محمد مەوجود بی، لۆیێ ئەوەل جار کە موفاتەحەی وەحی لەگە دەکرێ عەن طەڕیقی خەونە، خەونان دەبینی ئیتتیصالی لەگەر ئاسمان عەن طەریقەی جوبریل بزانی عەن طەڕیقی أي ملائکة.

پاشان مەرحەلەی دووەم لە قەلبی شت دروست دەکرێ ئیلهامات، مەرحەلەی سێیەم ئەوەیە (أَحْيَاناً يَأْتِينِى مِثْلَ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ) لەبیدایەت کأنە جەرەسەك لەبۆی لێدەدرێ ئەوە وەحی دێ، یەکسەر کەلیمات نەقل دەبی لەبۆی زەمەنەك موعەییەن، ئەوەیە زۆربەی صەحابی ئەثنای وەحی هاتن لەو نەوعەی کەبیست و سێ ساڵ ئەغلەبی قورئان بەو نەوعەی بوە، صەحابی تەنیشتی یان نزیکی ئیحساسیان بەدەنگەکی کردیە لە نزیك سەری پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، گزەگزەکی لێ هاتیە، ئەوە وەکو بیلا تەشبیهـ بیلا تەمثیل جیهازەك کو سەریع ئیشی خۆی دەکا شتەك نەقل دەکا ئەبەو نەوعەی نەقل کرایە لۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم قەطع بوە لێی، کە ڕۆیشتیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمی: کەلێم قەطع بوە ئەوجە زانیتم ئەوە وەحیە و کەلیماتەو (وَقَدْ وَعَيْتُ عَنْهُ مَا قَالَ)، ئەغلەبی وەحی ئەوها بوە.

یاخود جبریل مەجموعە صەحابە ئەوها دانیشتینە نەخشەی لەمەبی إن شاالله ڕۆژی قیامەت ئەوها لەگەریان لەخزمەت پێغەمبەری دانیشین، دانیشتینە لە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەوضوعی نەقل کردیە لەبۆیان ئەوان تێنەگەیشتینە، هەر بەحسی کردیە هەر تێنەگەیشتینە، ئیحتیاجی

بەوەی هەبوە طەڕەفی ثالث بێ دانیشی سوئال بکا ئەوجە ئەوان تێبگەن، چەند جارەك جوبریل بەشکلی ئینسان هاتیە دانیشتیە لەناو مەجلیس، تەماشایان کردیە ئەو کابرایە غەریبە کەس نایناسی دەستی کردیە بەسوئال کردن پێغەمبەر جوابی دایە سوئالی دەقیق دەقیق، کەجوابی دایە بویتە دەرس لەبۆ وان ئەوان ئیستیفادەیان لێکردیە، پاشان کەهەستایەو ڕەئسەن بزر بووە، پرسیتیان چ بوە ئەوە یارسول الله فەرمویتی: قَالَ « فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ » مسلم. ئەوەش نەوعە وەحیەکە.

یاخود نەوعە وەحیەك کەلیماتی موباشر رب العالمین ئیلقا بکا لەسەری بەبێ واسیطە لەسەر عارد، ئەوە ئەغلەب ئەحادیثی قودسی بەو نەوعەیە، تەعابیرە ڕەببانی کو بەحسمان کرد کەلیمات ئەو حروفانە نییە نەوعیتکەیە، داویشترێتە سەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر بەزمانی خۆی تەعبیری دەکا ئەوەش نەوعە وەحیەکە.

نەوعیتکە، حەفتەمین نەوع باری تەعالا موباشڕەتەن لەئاسمان قسەی لەگە کردیە، کو (وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيماً) (النساء 164) ئائەوەش لەگە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم کرایە، باری تەعالا موباشڕەتەن قسەی لەگە پێغەمبەری کردیە، کو بوە؟ نازانین، ئەوە حەفتەمین نەوعی وەحییە، ئەمما ئەکثەری ئەنواعی وەحییەکان (يأتی الوحي کصرصرة الجرس).

وەحی هاتنیش وەقتی نەبوە، مەثەلەن زەمەن داندرابی و زەمان و مەکان لەفلان جێ وەحی لۆ دێ نەخێر، حادیث بوە بالترتیب حەزرەتی جوبریل هاتتە خواری مەوضوعی عیلاج کردیە، قەضیەك هەبوە هاتتە خوارێ عیلاجی کردیە یان مەوضوعەك هەیە موستەقبەلەن دەبی، هاتیە طەڕحی کردیە جوبریل بویتە قوڕئان، پاشان پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ئیعادەی تیکراری کردتەوە لەبۆ صەحابە، صەحابەش تەحەدی ڕەببانی ئەو زەمانی، ئیمکانیەنی حیفظیان زۆر بوە هەر کە یەکەمین جار لە پێغەمبەریان گێ لێبوە ئەوانیش کاسێتیان بەقوەت بوە یەکسەر ئیستیعابیان کردیە و لەبەریان کردیە، پاشان تانیتیان تیکراری کەنەوە.

لەبیدایەت فەترەی بیدایەت وەحی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ترسی ئەوەی هەبوە ماددەی وەحی لەبیری بچی، لۆیێ کەجبریل لەبۆی دەخیند هێشتا جوملەکەی تەقدیم تەواو نەکردیە جوبریل، پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوەی پێیگۆترایە ئیعادەی دەکردەوە، ئەوە بوە ئیڕباك لە بەینی خۆی و لە بەینی جبریل لە ئەثنای وەحی، باری تعالی وەحی هینا خوارێ بابە تیکرار مەکەوە ترست لەوەی نەبی ئەتو لەبیرت بچی، (إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ) (لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ) (القيامة 16) (إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ * ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ) ئەوە هەموی یەعنی تەثبیت کردنی مەفهومی وەحییە،

کەلیمات و تەعابیرو حروف و تەلەفوظ و ئەوە هەموی کە ڕەببانیەتی تێدایە موحەمەد صلی الله علیه وسلم عیلاقەی بەتەرتیب و ئیعادەی نەبی، کەکو دادیدەبەزێنی ئەوهاش لەمێشکی تەثبیتی دەکا، بیست و سێ ساڵی ڕەبەق رسول الله صلی الله علیه وسلم ئەبەو نەوعەی ئیتتیصاڵی لەگەر ئاسمان بوە.

بەو نەوعەی موباشڕەتەن لە (الله) ی وەرگرتیە عەن طەڕیقی جوبریل، أمین السماء کان ینزل علی أمین ألارض ئەوە فەترەی وەحیە بەدئی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەو ماددەی وەحی وەردەگری پێنج ئایەتی یەکەم لەسورەتی عەلەق (إقرأ)، دیتە خواری نازانی مەوضوع چییە، ترس و لەرزەکی زۆر لەرزینەکی زۆر، کەدێتە خواری یەکسەر لۆ ماڵێ لۆ بن جێی، خەدیجە تەمەشای دەکا وەضعی طەبیعی نییە، پاش هادیء بونی، سکون بونی هەر دەستتەوە خێر بو ئەوها هاتیەوە؟ دەرێ حارو مەسەلە ئەوها، ئەوەم لێ قەوما، نازانی چییە مەسەلە، دەشترسێم نەوەك جن شەیطان دەستی لێوەشاندبم، یەکسەر خەدیجە چونکی پێشترێ لاقیطاطی بەقووەت بوە خەدیجە بەحسمان کرد، ئافرەتەکی زۆر زیرەك و عاقڵ بوە، باری تەعالا ئیختیاری کردیە لەبۆوەی ببتە خێزانی ئەو محمدەی، هەر لەدوور دەیزانی ئەوە دەبتە نەبی ئەمما ڕۆژی مایە جارێ، جارێ وەحی لەبۆ نەهاتیە، جارێ ئاسمان ئیتتیصاڵی لەگە نەکردیە، هەر کەئەو حالەی طەڕح دەکا لەبۆ خەدیجە، خەدیجە دەرێ (والله)ی مەترسێ لەبەر ئەوەی ئەتو ئینسانەکی ڕاستگۆی، لەبەر ئەوەی ئەتو عیلاقەی ئیجابیت هەیە لەگە خزم و ناسیاران، لەبەر ئەوەی هەرچی مەلهوف هەیە ئیعانەی دەکەی، هەرچی موحتاج هەیە ئیحتیاجی دەفع دەکەی، لەبەر ئەوەی ئینسانەکی ئەخلاقت چاکە طەبیعەتت باشە، ترست نەبی ئەوە ئی شەیطان نییە، لەو فەترەیەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کأنە نەفسیەن موحتاجە بە موعینەك باری تەعالا مەلائیکەتەکی خاص لەبۆی تەعین دەکا ئیصرافیل لەو فەترەیەی هەموی لەگەریتی، پاشی جبریل، جبریل دەڕوا قەطع دەبی، ئیصرافیل دیتە خوارێ دەبتە موڕافیقی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم.

لەمەو پاش محمد ئیعدادی من نەوعی موعەیەن دەبی بکرێ، هەتا ئێستا ئیعداد دەکرا ببتە نەبی، ئیستا بوە نەبی دەبی ئیعداد بکرێ لەبۆ ریسالە، نبووەت مەرحەلەی قەبلیە، مەرحەلەکی موئەققەتە هەتا ئێستا ئیعداد دەکرا ئەوڕاقی ئیعتیمادی لەبۆ کوللیەی نبووەت وەربگیرێ، ئێستا وەرگیرا لەوێ بوە طەڵەبە ئێستا دەبی مستەوای عالی تربی، برند تر بی بگاتە مستەوای ڕیسالە مامۆستای خاصی پێ دەوێ، هەتا بوە نەبی هەمو کەون مەدرەسەی بوو فێری دەکرد، لەهەمو شتەك دەرسی وەردەگرت عەقڵی ئیشی دەکرد، ئێستا لەمەوپاش عەقڵ ڕادەوەستی دەبی الله خۆی تەدەخول بکا، طەبیعەتی محمد لە مەوپاش لەگەر ماددە لەگەر بیئە دەگۆڕێ.

ئەوە بەردە نەفسی بەردی قەدیم نییە جودایە ئەو بەردەی ئێستا، هەتا ئێستا عیلاقەم لەگە ئەو بەردەی ئەمن ماددیەن ئیستیفادەم لێدەکرد، بینام لێدەکرد فلانم لێدەکرد، ئێستا نەخێر ئەو بەردە جوزئەکە لەکیانی ئەو کەونەی عەبدە لەبۆ مەعبودی، عیبادەت دەکا ئیذەن، خەریتەی هەیە، ئیذەن ئەو بەردە، دەبی محمد بزانی ئەوە کو عیبادەت دەکا، ئەو تەیرە، ئەو خورمایە، ئەو حەیوانە لەمەوپاش ڕیسالەی محمدی لەگە کەون گۆڕا، هەتا ئێستا خۆی عەقلیەن ئیستیفادەی دەکرد ئێستا لەمەوپاش نەخێر دەبی فێر بکرێ، لۆیێ کەلە غاری حیڕاء هاتە خوارێ موتابەعەی نەشاطی یەومی دەکرد بەتەنیشت بەردی دادەچو بەرد سەلامی لێدەکرد، عەجیب بەرد بەرد بەردە بەتەنیشتی دادەچی سەلامی لێدەکا ئاوڕدەداتەوە کەس نییە، ئەوبەرو ئەوبەردەکا کەس نییە، بەردەکە هاوار دەکا دەرێ یا ڕسول الله ئەمنم سەلامت لێدەکەم، تەمەشا دەکا فیعلەن بەردە ئەوجە ئیصرافیل پێی دەلێ بابە ئەتو لەمەو پاش نەبی دەبی ببیە ڕەسول، لەمەو پاش عیلاقەکی ئیجابی لە گە ئەو بەردەی دروست دەکەی، ئەو بەردە ئیستینطاق دەکرێ لەبۆت، قسەت لەگە دەکا عیلاقەی وودی لەگەرت هەیە، بەتەنیشت دار دادەچی بەتەنیشت خورما دادەچی خورما سەلامی لێدەکا، ئاوڕ دەداتەوە دیسان کەس نییە بەشەر نییە.

ڕەسول، ڕەسول ڕەحمەتە للعالمین سەفیری (رب العالمین)ە، ئیذەن دەبی صیفەتی ڕەحمەتی، ڕەحمانیەتی طەمغەی ڕەحمەتی لەبۆ هەموو کەون بی، رەحمة (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) (الأنبياء 107)، ئی کێ؟ ئی رب العالمین، ئیذەن ئەمانەتی رب العالمین لەبۆ هەموو عالەمین نەقل دەکا، لۆیی بەمە دەلێ لەگەر پشیلەی چاك بن، بەو چیایەی دەرێ ئەو چیایە خۆشمانی دەوێ چونکی فیعلەن عیلاقەی صەمیمی لەگە چیایەکەی هەیە، لەسە چیای ئوحود ڕادەوەستی چیای ئوحود لەکەیفان لەخۆشیان ئیفتیزاز دەکا، ئیمامی عومەر و عوثمانیشی لەگەرە دەترسێن ئەوان، بەچیایەکەی بەئەوەی دەستی ڕمحەکی گچکەی هەبووە، ئەوها سەبر لەسەر پشتی چیایەکەی دەدا ئوحود دەرێ: فَقَالَ « اثْبُتْ أُحُدُ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ نَبِيٌّ وَصِدِّيقٌ وَشَهِيدَانِ » بخاري، ئا چیا مولاطەفەی لەگەر دەکا، لۆ؟ چونکی ڕەحمەتە لەبۆ ئەو چیایەش وە ڕەسولە لەبۆ ئەو چیایەش، ئائەو فەترەیەی کەپاشی وەحی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عیلاقەی لەگەر کەون، لەگەر مادده، لەگەر ئەحیا، لەگەر جەماد نەبات هەموی دەگۆڕێ، ئەو فەترەی ئیعدادە لەبۆ مستەوای ڕیسالەت.

عولەماء لەسەروەی موختەلیفن ئایا بەعزەك دەرێ سێ ڕۆژ بوە، بەعزەك دەرێ سێ ساڵ بوە، ئەمما ئەغلەبی شت ئەکثەریەت شەش مانگ بوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەمەدرەسەی نبووەت نەقل بی لەبۆ مەدرەسەی ڕیسالەت، نبووەت ئەوەیە بەس باری تەعالا موفاتەحەی دەکا بەبێ ئەوەی تەبلیغ بکا لەبۆ بەشەریەت، لەبەنی ئسرائیل ئەنبیائی وەها زۆر هەبوە، یەعنی مەسئول نییە بەبەشەریەت برێ بابە

وەرن ئەنگۆ ئیمان بەخوای بینن عیلاقەی بەوەی دانییە، ئەمما ئەگەر مەجالی هەبوو دوو نەصیحەت قسان بکا خەیر باشە ئەوە، ئەمما مەئمور نییە بەوەی، ئەوە بەوەی دەگوترێ نەبی، ئەمما رەسول کیتابی خاصی خۆی هەیە مەنهەج، پرۆگرام لەبۆی دێتە خوارێ ئەو وفقی ئەو پرۆگرامەی حەرەکە دەکا نەشاط دەکا، ئەوەی تەحویل دەکا لەبۆ عالەم ئەوە رەسولە.

فەترەی شەش مانگ موحەمەد دەبێتە طەڵەبەی ئیصرافیل، لەوی وەردەگری ئەوجە وەکو موشریفەك کو مامۆستایەك تازە دەبێتە مامۆستا، موشریف یان مودیر فێری دەکا ئێرە ئەوهایە تەدریس بەو نەوعەیە، عیلاقەت ئەوها دەبی، بەو نەوعەی دەعوە دەکەی، بەو نەوعە نەشاط، خێزانت ئەوهایە، دونیا ئەبەو نەوعەیە ئاخیرەت بەونەعەیە عیلاقەت لەگەر (الله)ی ئەوهایە، عبودیەت مەفهومی ئەوهایە، رۆژ بەرۆژ ئیتتیصاڵی پێدەکا و فێری دەکا،

ئەگەر خودا تەوفیق بدا إن شاالله دەرسی لاحیق دێینە سەر صیەغی وەرگرتنی ئەوجە ئائەو مەفهومی (إقرأ) و وەرگرتنی ئیمانەکەو کو تەسجدید دەبی لەقەلبی موحەمەدی صلی الله علیه وسلم؟ کو تەعامولی پێدەکا؟ پاشان سەبر سەبر کو خۆی خۆی ئیعداد دەکا لەبۆ ریسالەت، ئەگەر عومرمان ما إن شاالله، (أقول و قولی هذا وإستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصففون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.

ئەمەی موحتاج ضرورییە ئەمەش لۆ خۆمان زەمەنەکی موعەییەن لەرۆژ و شەو قەطع کەین لۆ خۆمان موراجەعەی کوهوفی خۆمان بکەین، ئەشکەفتەکانی ژۆرێمان کەکون و کەلەبەری زۆری تێدایە، موحتەمەلە ئەمەی موسڵمانی گەنج نەخۆشیمان زۆر پێوە بی وەکی ئەنفلۆنزەو کۆلێرا نەبی ئەعراضی هەبی بچینە دختۆری، زۆر نەخۆشی هەیە هی داخیلی موئمین هەتا رب العالمین تەوفیق و تەرشیدی نەکا ئیحساس بەئەعراضی ئەو نەخۆشیانەی داخیل ناکا، نەخۆشی داخیل لەنەخۆشی خاریجی ئینسان زیاترە، میکرۆبی داخیل لەمیکرۆبی خاریج زیاترە، ئەگەر میکرۆب و ڤایرۆساتی خاریج بەمەلاین و ملیارات بی، دەبی میکرۆبی داخیل چەند بی ئەگەر هی داخیل زیاتر بی ئەوە ئەو، ئەگە تەشخیصمان کرد ئەمە فیعلەن لە محمدی صلی الله علیه وسلم موحتاجترین لەبۆ ریعایەی داخیلی خۆمان، وەبتانین وەضرورییش بی تەشخیصی نەخۆشیەکانی داخیلی خۆمان بکەین، تەشخیصی نەوعە میکرۆبەك بکەین بتانین بزانین ئەو میکرۆبە چەند ضەرەری هەیە، وەچەند ئەعراضی هەیە لەناو داخیلمان؟ ئەو وەختی ئەرضیەو زەمینە دروست دەکەین لەبۆ مەفهومی صەحیحی ئیمان.

ئەوجە ئەو وەقتە تەقطیع کردنە لەزەمەنی خۆمان شەو یان رۆژ زۆر ضرورییە، ئەقەڵەن سەعاتەك،

وەبەقەناعەتی من باشترین وەقت پێشی نوێژی سبەینێیە، هەموو بەشەر نوستینە بەس جەمعەك موئمینین مەوجودن، ئینسان لەو فەترەیەی دانیشی نوێژ نەکا، دەستنوێژ مەشۆ نوێژ مەکە کەهەستای لەجێی خۆت دانیشە، فیکرت لەکن (الله) ی بی ئەو نەنوستیە ئینتیزارت دەکا هەستی، ئینتیزاری ئەو گەنجەی دەکا، هیچ مەکە بەس دانیشە لەگەری بزانە ئەو مەخالیقەی کو خەلق کردیە، حەتمەن هەریەکە لەماڵێ ئەگەر حەدیقەکی گچکەی نەبی پێنج شەش پەلکان ببینی، ئێستا هاوینە لەسەربانینە یان لەحەوشەینە چاوی برند کا تەمەشا کا ئا ئەو مەعرەزە غەریبە چییە لەسەری؟ شتەکی هائیل هەیە لەسەرمان، بەچاوی ئیمان تەمەشا بکا نەك بەچاوی فیزیاویین، مانگ ئەوەندە لەمە دورە ئەوندە کیلۆ مەترە لەمەدورە، نەء، بەچاوی ئەهلی ئیمان کەچەند مەلائیکەت مەوجودە، ئەها کە شهوبەك حەرەکەی دەکا شەیطان لێدرا! ئائەو کەونە کو دروست کرایە؟ کو خەلقی کردیە؟ بەچ هەندەسەك خەلقی کردیە؟ بەچ نەوعەك خەڵقی کردیە؟ ئەهداف لەخەڵقی وانە چییە؟ هەتا ئێستا ئەمە نازانین دینیەن مەوقیعی ئەو ئەستێرانە لەدین چییە؟ لۆ ئەو ئەستێرانە خەلق کراینە لۆ؟ ئەو هەموو ئەستێرە هائیل هائیلە؟ لۆ خەلق کراینە نازانین، فیزیا نازانی لۆ؟ ئەمەی موئمینیش نازانین لۆ چونکی لۆ؟ لەناو قورئان غەوسمان نەکردیە، عیلمەن عیبادەتی ئائەو ئەستێرانە لەگەر ئا ئەو دارانە پێکەوە عیبادەت دەکەن، یەك نەوعە عیبادەتەکی دەکەن (وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ) (الرحمن 6)، لەهەموو مەخلوقات ئەو دووەی تەخصیص کردیە.

شەو هەستی تەفەکور کەی سەمیعە جارێ مەوجودە نەنوستیە بەئاگایە رب العالمین ڕەقیبیشە، دانیشە فکر کە یاڕەببی ڕاستە لەهەموو مەخلوقات کە مەخلوقاتت خەلق کردیە ئەمنیشت بەمەخلوق خەلق کردیە، لەناو ئەو هەموو مەخلوقاتە بەمەلاین جەماد هەیە، بەمەلاین حەیوان هەیە بە مەلاین ئینسان هەیە بە مەلاین نەبات هەیە لەوانە هەموی بەئینسان خەلقت کردیمە، لەصین نیمە، بوذی نیمە موسڵمان خەلقت کردیمە، هیدایەتت دایمە لەناو دائیرەی ئیمانیشم، ئەوجە یاڕەببی مەرحەلەکیتکە مایە ئەویش تەوفیقم بدەی تەرشیدم بکەی لەمستەوای مەصافی صدیقین دامبنێی نەك شوهەداء، طەڵەبی صدیقیەت بکەن (فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً (النساء ٦٩) تەعامولمان لەگەر (الله) ی صەداقەت بی، زەمانەت بی.

هەتا ئەو زەمینەیە لەقەلبمان نەبی وەکی موحەمەدی ئەرضیە دروست نەکەین لە قەلبمان باری تەعالا عەطائات نادا، فایدەی نییە، باهەر بخینین باهە لەبەر کەین باهە تەجمیع کەین ثەقافات وفیکرو علوم، ئەگەر بەتەجمیعی ثەقافات بایە دەبا موستەشریقین لەمە زۆر موئمین تربن، ئەو ئەرضیەیە بەو سەعاتەی دەکرێ، کەس نییە بەینی خۆت و بەینی باری تەعالا، تەصفیەی داخیل پاشان برۆ ناو عومقی خۆت لە کیبر لە حەسەد لە غرور لەریاء لەحیقد لە بوغض ئەوانە هەموو نەخۆشینە پشتی مەیان

شکانديه، هەتا سوئو ضەن بەوەی نەکەم غەيبەتی ناکەم ئيذەن ئەصڵی قەضيه له قەلبمه، ميکرۆبەکه لەقەلبمه لۆيه غەيبەتی وەی دەکەم، هەتا سوئو ضەنی پێ نەبەم غەيبەتی ناکەم، ئيذەن ئەمن داخيلی خۆم دەبی چاککەم، نەڵێم بەوەی ئەوه خراپه بەس ئەوه موطظەليعبی لەسەر خراپی من کافيه حەيام بچی لەدونيا، بەو نەوعەی دەرسی خۆمان بدەين، خۆمان دەرسی خۆمان بدەين، عيلاقەمان لەگەڵ (الله) ی صەميمی بی الله حەييە، فه ئەو فەترەيه ئيعداديه زۆر موهيممه، زۆر زۆر موهيممه هەتا ئەو سەعاته بەينی خۆمان و بەينی الله تەصفيه نەکەين وەبزانم نوێژی سبەينێش عيلاج ناکا، نوێژی نيورانێش عيلاج ناکا فايدەی نييه داينەمۆييەت و حەيەويەت دروست ناکرێ.

فه إن شاالله طەڵەبەکی گچکۆکەشم هەيه، ئەوه يەکەمين تەوصيه بوو، دووەمينيش لەو ئەسنايەی برای خۆتان لەفکر نەکەن له دوعا، ئەهـ ئەوه طەڵەبەکی خەفيفه ئەوەی هەربستی پێی دەکرێ إن شاالله ئەوەش بکا، خودا لەگوناهمان خۆش بی، ئيمانمان سەلامەت بکا، تەوفيقمان بدا، بمانکاته سەبەبی هيدايەت و ڕەحمەت لەبۆ بەشەريەت، والسلام عليکم و ڕحمة الله وبرکاته.